# حةمةنامة (2) ... سلَمان عةبدوللآ يونس

ئازاد نەبوون تەنها ئەوە نىيە مرۆڤ دەست و پێی کەلەپچەکرابێت و لە کونە تاریکەکانی زیندان و لەو دیوی دەرگا داخراوەکاندا بێت، زۆر بوون ئەو ئازادیخواز و کەڵە نوسەرانەی هەرچەندە بەجەستە ئازاد نەبوون بەڵام پرشنگی بیریان ئەوەندە درەوشاوە بووە ڕووناکیان وڵاتێکی ڕۆشن کردۆتەوە، تۆش چونکە هەمیشە بەدوای پاداشت و خەڵاتەوەی هەر بۆیە لەنووسینەکانتدا نەک هەر ناتوانی مانای ئازادی بە ئەوانی دیکە ببەخشی بەڵکوو هەمیشە خوێنەری بەسەلیقە دەشی بەسانایی نوسینەکانت بناسێتەوە و پابەندیت بە دەسکەوتی تاکەکەسی وخۆبردنە پێشەوە، بەتەنیشت ئازاد نەبوونتەوە دابنێ.

لاسایی هەرگیز ناچێتە خانەی داهێنانەوە، لاسایی کەرەوە هەرگیز نابێ بەداهێنەر، تۆ کەلەشیعردا نەک هەر نەتوانی لاسایی [ڕونگە] یەکان بکەیتەوە، بەڵکوو لەبەردەم لووتکەیەکی وەکوو شێرکۆ بێکەسدا تووشی حەپەسان و بگرە وەستانیش بووی، وەکوو ڕەخنەگرێک هاتیە مەیدان، بەپشت بەستن بەو باوەڕەی کە دەشێت شاعیرێکی سەرنەکەوتوو ڕەخنەگرێکی شارەزای لێبکەوێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەڕەخنەگرتنیشدا میتۆدێکی زانستیانەت پەیڕەو نەکرد و ڕەخنەکانت لە میزاجی خودی خۆت و لەسەر ئیرەیی و ڕەتکردنەوەی ڕەهای ئەوانەی بۆخۆت بڕیاری ڕەتکرنەوەیان داوە و دوور لە لۆژیک و بنەما سەرەکیەکانی ڕەخنەگرتن بنیاتتنان، نەک نەیانتوانی خزمەت بەئاستی ڕووناکبیری کوردی بکەن بەلکوو بوونە هۆی دەرکەوتنی دیاردەیەکی دزێو پەڵەیەک کەتا نهۆ بەتەلاری ڕووناکیری کوردیمانەوەن، چەند ناشیرینە ئەفسەرێک وانەی وێژەیی و مۆسیقامان فێربکات، دە ئەوەندەو بگرە زیاتریش کە کەسێک خۆی لا شاعیرێکی هەست ناسک بێت و وانەی سیاسەت بەزمانی گوللە نەک گوڵ بڵێتەوەو خۆیمان بە دیپلۆماسی عەیار بیست و چوار بەسەردا ساغ بکاتەوە.

دیسان دووبارەی دەکەمەوە لاسایی داهێنان نىيە، لاسایکەرەوە هەرگیز نابێ بەداهێنەر، تۆش کەماوەیەکە لاساییەکی زۆر سەقەتانەی ڕێبازی ڕەخنەگرتنی شەهید [عەبدولخالق مەعروف] دەکەیتەوە و دەخوازیت لەو لاسایی کردنەوە ناشیرنەوە ئەو ناوبانگە پەیدا بکەیت کەبەشیعرو ڕەخنە لە کوردستان و سوێد نەشیای بەدەستی بهێنی، دەتەوێت لەو ڕێگەیەوە ئیسلامیەکان لەڕێزی شێرکۆت دابنێن و فتوای کوشتنت بۆ دەربکەن و خۆت بەو فتوای کوشتنەوە هەڵبکێشی، ئاخر ئەگەر وانىيە بەڕیشی کێ ڕەوایە زەرقاوی و دڕندەکانی ئەلقاعیدە و ئەنساری سوننە، بکوژانی شەهیدانی جەژنی قوربانی لق و مەڵبەند و کارەساتە خوێناویەکەی 4ی 5ی ئەمساڵی هەولێر بە موسڵمانی ڕاستەقینە دابنرێن! ئەرێ ئەگەر ئەمە بەکەس و کاری ئەو شەهیدانە بڵێین و بڵێین ئەوە بۆچوونی ئەو کەڵە نوسەرەیە کە حورمەتی دادگای هەولێری لەپێناوداخرایە ژێر پرسیارەوە و خەڵاتی یەک لە باشترین دەزگا ئەدەبی و ڕووناکبیریەکانی بەرهەمی خوێنی ئەو شەهیدانەشی وەرگرتووە، بەڕاست دەبێ چیمان وەڵام بدەنەوە؟.

کاکە حەمە من لێرەدا ناخوازم بەرگری لە سەرکردەیەک بکەم کەزۆرینەی تەمەنی خۆی بە کوردایەتی و بۆ کوردایەتی بەخشیووە و تاکە کاندیدی هەموو کورد و عیراقیەکان و

هاوپەیمانان بەگشتی و گەورە هێزێکی وەکوو ئەمریکاش بوو بۆ سەرکۆماری عێراق و بوو بەو یەکەمین ئەو کوردەی کۆتایی هێنا بە شێوازی فەرمانڕەوایی ناسیۆنالیزمی سوننە مەزهەبی نەتەوەی بالا دەستبووی هەشتا ساڵەی عێراق، تاڵەبانی و بارزانی ئەو دوو جووت ڕێبەرە هەلکەوتووەن کەزۆرینەی کورد شانازیان پێوە دەکەن، پێم وانیە تاڵەبانیش پێویستی بەلەسەرکردنەوە من بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی من بڕیارم داوە لە [حەمەنامە] فاوڵەکانی تۆ بژمێرم بۆیە ناچاری ئەو چەند دێڕەی سەرەوەت کردم.

slemanyunes@yahoo. co. uk